تەقەکردن لە خۆپیشاندەران، بەهەر بیانوویەك و بەهەرشێوەیەك بێت مەحکومە و پێویستە ریسوا بکرێت !

ئەمڕۆ لە شاری ئاگرێ لە ئەنجامی کەمی بەنزین و چاوەڕوانی چەند ڕۆژەی خەڵکی ئەمشارە بۆ بەنزین، دانیشتوانی خۆڕاگرو ناڕازی ئاکرێ خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان ڕێکخست، کەدیسان لەسایەی تەقەکردنی هێزەکانی ئاسایشدا کەش و هەواکە بوە فەوزاو هەلومەرجێکی ناجۆرو نا شایستەیان بۆخەڵکی ئەمشارە پێکهێنا.

خەڵکی کوردستان لە سایەی دەسەلاتی میلیشیایی ئەحزابی کوردیدا، ناڕەزایەتیەکانی و خواست و داواکارییەکانی لەجیاتی جێبەجیبکرێت بەگوللە وەلام دەدرێتەوە!. لەجیاتی خواستی دابینکردنی بەنزین، فیشەك باران دەکرێن و لەجیاتی کارەبا گوللە باران دەکرێن. لە کاتێکدا کە ڕۆژانە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەدەها و بگرە هەزارەها تەنکەری سوتەمەنی و بەنزینی پێدا تێپەردەبێت کە لەتورکیاوە دێت ئەمە سەرەرای ئەوەی کە لە بێجیشەوە بەنزین دەگاتە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی پارتی، کەچی سەیر ئەوەیە لەم چەند ڕۆژەی دوایدا نرخی یەك لیتر بەنزین لە شاری هەولێرو دەوروبەریدا گەیشتۆتە 1000دینار و نزیك بۆتەوە لەنزخی بەنزین لە وولاتانی ئەوروپا. لەکاتێکدا دەلێن بەنزین نیە کەچی لەسەر شەقامەکان بەئارەزووی خۆت دەبەی 20لیتری بکرە بە 12دۆلارو 13 دۆلار، ئەم دەسەلاتانەی ناسیونالیزمی کورد قاچاخچێتی بەهەموو شتێکەوە دەکەن چ جا بگا بە نەوت و سوتەمەنی بەشی خەڵکی کوردستانەوە. ناوچەیەك لەهەر کوێیەکەوە پێایدا تێپەربییت جگە لە بۆنی گازو بەنزین و سوتەمەنی بۆنی هیچی تری لێنایەت و تەنها گومرکی سوتەمەنی حیساب بکەیت کە لە سنوری ئیبراهیم خەلیلەوە لەماوەی 15 ساڵی ڕابوردودا چۆتە ئەودیوەوە، دەبوایە ئێستا لە هەولێرو ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی پارتیدا بەنزین و نەوت و لە هەموو شوێنێکی عێراق زۆرترو هەرزانتر بوایە. بەلاّم کەی سەرەوەت و سامانی خەڵکی کوردستان لەسایەی دەسەلاتی ئەم هێزانەدا بۆ خەڵکی کوردستان بوە!! بەڵکو تەنها گەورە بەرپرسانی پارتی سەرەوەت و سامانی خۆیانیان پێ کەڵەکە کردوە.

تەقەکردن لە خۆپیشاندەران لە ژێر ناوی هێمن کردنەوەو بلاوە پیکردنی خۆپیشاندەران، یان لە ژێر هە ربیانویەکی تردا مەحکومەو پێویستە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە ئەم ڕەفتارە میلیشیاییانەی هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، ئەم فەهەرنگە شاخاوییە بەتوندی ریسواو مەحکوم بکرێت و لە هەمان کاتدا زەوتکردنی بەشی خەڵکی کوردستان لە بەنزین و سوتەمەنی کەلە بەغداوە بۆی دانراوە بەتوندی مەحکومەو پێویستە خەڵکی کوردستان ئەم قاچاخچێتیە بە بژێوی و نانی سەر سەفرەی خۆیان قبول نەکەن. وە چی تر قبولی ئەوە نەکەن کە گەورەو بچوکی بەرپرسانی پارتی لەسەر سفرەو بژێوی منداڵان و خەڵکی زەحمەتکێش و کرێکارو فەرمانبەرو مامۆستایانی کوردستان کۆشکەکانیان بلندتر بکەن و خەرمانەی پارەو سەرمایەکانیشیان بەرزتر بکاتەوە.

لەسەر دەسەلاتی پارتی پێویستە کە بەزوترین کات بەنزین و پێداویستیەکانی سوتەمەنی بۆ خەڵکی ئاکرێ و تەواوی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی خۆی دابین بکات بە نرخی گونجاوو ڕەسمی و لەهەمانکاتدا پێویستە تەواوی ئەو هێزو ئاسایشانەی تەقەیان کردوە بدرێنە دادگاو وەکو تاوانبار لە دادگایەکی ئاشکرادا دادگایی بکرێن!

ڕێکخراوی کوردستان

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

2005/10/18